سەدر ژمارێك ڕێنمایی نوێی بۆ سەرایای سەلام باڵی سەربازی ڕاوتەکەی دەرکرد



موقتەدا سەدر، سەرکی ڕاوتی نیشتیمانی شیعە ژمارێك ڕێنمایی نوێی بۆ "سەرایای سەلام" باڵی سەربازی ڕاوتەکەی دەرکرد کە تێدا، هەڕەشەگرتنی چەکی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە لایەنگرانی قەدەغە کردوە و داوای گەڕانەوەی بۆ مەرجەعە ئایینی و داناکان کردوە، ئاگر عێراق توشی دوژمنکاری دەرکی بو.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی یاریدەدەری جیهادیی "سەرایای سەلام"، کە ئەمڕۆ چوارشەممە بڵاویکردوەتەوە و تێدا دەڵێت، لە موقتەدا سەدرەوە ڕێنمایی بۆ سەرایا هاتوە و داوای لە لایەنگرکانی کردوە کە واز لە لەدوانی تائیفی بهێنن، چونکە لەکوتی ترسناکی دێبێت و زیان بە عێراق و گەلەکەی دەگەیەنێت و برایەتی لە نێوان ئێندامانی بزوتنەوەکەدا دابەزرێنن.

ئاماژەی بۆشکرد، سەرکی ڕاوتی نیشتیمانی شیعە بکارهێنانی چەك و بەرزکردنەوەی لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق بە توندی قەدەغەیە کردوە، وتویەتی، "چارنوسی نیشتمان و گەلەکەی لەلایەن تاک و گروپکەوە دیاری ناکرێت".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، ئاگر عێراق توشی دوژمنکاری بو، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ حوزە و مەرجەعەکان و داناکان، نەگەڕێنەوە بۆ لای گێندەکاران و ستەمکاران.